# دەستتان خۆش سەدامتان كردە شەهیدێكی سەركردەیی نەتەوەیی عەرەبی شۆڤێنیەكان

هەورامان علی تۆفیق
Berzi-san@web.de

لەكاتێكدا كە كورد درێژترین و مەحاڵترین خەونی بۆ هاتە دی كە سەركردەیەكی نەتەوەیی شۆڤێنی عەرەبی كە هەردەم بەرژەوەندی تاكەكەسی یەكانی خۆیی پاراستوە و گەلی عێراق و نەتەوەیی كورد بەتایبەتی ژێردەستەیەكی كلۆڵ و داماوی دەستی ئەم زاڵمە بوون , زیاتر لە چارەكە سەدەیەك لە حوكم و فەرمانرەوایەتی و كوشتن و ماڵ كاول كردن و بەكارهێنانی هەموو شێوە كارێكی درندانە بۆ سرینەوەی مۆركی نەتەوایەتی كورد لە بچوك ترین و سادەترین شێوازەوە تا گەیشتە كوشتنی بەكۆمەڵ و ئەنفال و كیمیاباران و زیندەبەچاڵ كردنی بەكۆمەڵ و زیندانەكان و لەسێدارەدان و دەست درێژی كردنە سەرناموس و شەرەفی كورد و كاول كردنی دێهات و سوتاندن و بەتالان بردنی سەروەت سامانی هاوولاتیان بەبێ هیچ هۆیەك , تەنها ئەوە نەبێت كە كوردە .

سەدام بەوشێوەی كە سەیر دەكرا كە سەركردەیەكی نەتەوەیی عەرەبیە و هەر لەژێر ئەم ناوەشدا عێراقی بەچەند هەڵدێرێك برد لەوانە شەری هەشت ساڵەی عێراق ئێران و پاشان شەری داگیر كەری بۆ سەركوێت و ئەوە شەری نەوەستاوەی دژی كورد بابوەستێ . دوای بەئەنجام گەیشتنی پرۆسەی ئازادی عێراق و گرتنی سەدام لەلایەن هێزەكانی ئەمریكاوە و پاشان دروست كردنی دادگایەكی تایبەت بۆ دادگایی كردنی ئەم دیكتاتۆرە ئەوەی لێرەدا گرنگە باسی لێوەبكەین و هەڵوێستەیەك بكەین لە دەرەنجام و شێوە و هێوكارو كاریگەری لەسەر عێراق و نەتەوەیی كورد و تێكرای ناوچەكە .

سەرەتایی دروست بوونی ئەو شێوە دادگایە بۆ خۆیی سەرەتایەك بوو بۆ پێنانە هەڵەیەك چونكە سەدام بەوشێوەی كە دادگا كاری لەسەردەكرد تەنها لە مەلەفێكی بچوكی وەك روداوی دووجەیل و ئەو ماوە دوورو درێژەی خایاند ئەوە دەبوو بابەتەكانی تر كە تاوانەكانی ئەو تاوانبارەیان لەخۆگرتبوو بۆ چەندین ساڵ درێژەی دەكێشا و لەوانەش بوو تەمەنی سەدام ئەو ماوەی نەدایە .

لەگەڵ لاوازی بەرێوەچوونی شێوەی دادگایی كردنەكان و پاشان دەركەوتنی سەدام بەوشێوەیە كە پارێزگاری لێدەكراو بەرزبوونەوەی دەنگی نارەزایی چ لەنێو سیاسیەكانی عێراق كە بەئاشكرا پاڵپشتیان لێدەكرد و داوای ئازادبوونیان دەكرد و دەیانكردە وەرەقەیەكی كاری سیاسی خۆیان بۆ بەدەست هێنانی دەستكەوتی سیاسی . دواتر باری راگەیاندن و شێوەی نیشاندانی و بەدیارخستنی سەدام بەجۆرێك كە چەند ئەوانەی ئاواتەخوازی رۆژێكی لەم شێوەیەبوون . هەمان شێوە هەبوون كە دەیان كردە سەركردیەكی پاڵەوان و بەهێزو چەندین نان و پیازیان پێوە دەخوارد و ئەوانەشی كە دوای فكرو بۆچونە شۆڤێنیەكانی سەدام بوون و لەعێراق دا كاری تیرۆستیان ئەنجام دەدا بەهیوایەكەوە ئەم كارانەیان دەكرد و بروایان وابوو رۆژێك دەبێ دەگەرێتەوە سەر فەرمانرەوایەتی و سەركردایەتی عێراق دەكاتەوە. لەگەڵ ئەوەی كە دەوڵەتە عەرەبیەكان زۆر هەڵوێستیان لەو كەسانە كەمترنەبوو كە بەهیوای ئەوەبووبن كە سەدام ئازاد بكرێ بەلام هەندێك لەو دەوڵەتانە بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەكانی خۆیان بەوشێوەیە نەیان دەدركاند . بەلام ئەوەش نەبووە هۆیەك كە هەندێك لەوانە بەئاشكرا و بەپێچەوانەی خواستی گەلی عێراق بەهەموو نەتەوەكانیەوە كە گیرۆدەی دەستی ئەم زالمەبوون بەو هەڵوێستەیان كە سێ رۆژ دەكەنە رۆژی پرسەی فەرمی و راگرتنی جەژنەكانی قوربان و بەكارهێنانی راگەیاندن بۆ ئەم مەبەستە ئەویش وولاتی لیبیا ئەو وولاتەی كە كورد بەیەكێك لەو دەوڵەتە عەرەبیانەی دەزانی كە نزیكە لەخەم و گرفتەكانی كوردەوە بەلام ئەمرۆ پیسی و نیەتی راست و ئاشكراووی خۆیان دەخەنەپێش چاوو . لەگەڵ ئەوەی كە دەوڵەتانی ئەورووپی وەك فەرەنساو ئیتالیا و فاتیكان و مۆسكۆیی خەمخۆری نەتەوە

چەوساوەکان و چین پرۆلیتار دڵگرانی و نیگەرانیان بۆ دۆستی دێرینی خۆیان بەدیار دەخەن . ئەمرۆ ئەو رۆژەیە کە دۆست دوژمن خەم خۆرو ئەوانەی لەگەڵ ئێشوو ئازارەکانی ئەم گەڵەدان بەڵام وادیارە ئەوەی هەیە هەموو بەرژەوەندی و پاراستنی بەرژەوەندیەتایبەتیەکان و ژێرپێخستنی خواست و ماف و یاسا نێونەتەوەییەکانە و ئەوەی بیری لێنەکرێتەوە ماف و خواستی نەتەوەیی کوردە .

بۆ مەلەفی دوجەیل بووە مەلەفێک بۆ کۆتایی هاتن بە لاپەرەکانی مێژووی سەدام و سرینەوەی هەموو ئەو تاوانانەی تری کە دەرهەق بە گەلی کورد ئەنجامی دابوون ... ؟؟

ئەگەر لایەنی سیاسی و تەنها لەبەرچاوگرتن و رازی کردنی شیعەبێت , بەدیار خستن و نیشان دان بێت کە دیموکراتیەت و یاسا هەیە و بەشێوەیەکی یاسایی دادگایی دەکرێت . بەڵام بیریان لەوە نەکردەوە کە سەدان هەزار بێ تاونی کورد بەدەستی سەدام لەنێوبراون و پێویستە ئەو دادگایە بە گەورەترین مەلەفی تاوانەکانی دەستی پێبکردابە و بەشێوەیەک هەموو گەلی عێراقی دڵخۆش بکردایە نەک تەنها بۆ سەدو چەند کەسێک هەموو ئەو تاوانانەی تری بسرێنەوە . ئەمە ئەوە دەگەیێنی کە هەموو ئەو ماوەی کە خەڵکی چاوەروانی دەکرد و بەپەرۆشەوە بوون سزاکان بەدڵی ئەوان بێت بەڵام ئەوەی کرا پێچەوانە بوو یاری کردن بوو بەهەستوونەستی کەسایەتی کورد و گاڵتەپێکردنی .

دەکرا بەو شێوەی کە چاوشیسکۆ بەسزایی جەماوەر گەیشت و لەرێگای دادگایی سەربازیەوە و هەموو تاوانەکانی بۆ دەخوێنرێتەوە و بریاری  سزادانی بۆ دەدرێ بۆیە دەبوو ئەو سیناریۆیەی کە ماوەی ساڵێکە بەدادگایی کردنی سەدامەوە خەریکن دەبوو بەشێوەیەک بەئەنجام بدرێت و زوو بەزوو لەرێگای دادگایەکی سەربازی هەموو ئەو تاوانانەی بەرامبەر بەگەلی عێراق و نەتەوەی کورد و سەرجەم کارەکانی تر ئەگەر دژ بەدراوسێکانیشی بێت و دواتر سزایی لەسێدارەدانی بدرایەو کۆتایی بەهەموو ئەو سیناریۆیانە بهاتبایە و چی دی یاری بەهەستی کورد نەکرایە .

ڕۆژێکی وەک چەژنی قوربان کە دووبارە ئەو ڕۆژەیە تێکڕایی موسوڵمانان بەڕۆژێکی پیرۆزی دەژمێرن و ئەو ڕۆژە لەگەڵ ئەوەی کە چەژنە  بۆ ئەوانەی کە خۆشحاڵن دەبێتە دوو چەژن و ئەوانەی نەیارن دوو جار دەبنە نەیارو کاریگەریشیان دەبێتەسەر خەڵکانی دی کەواتە لەگەڵ ئەوەی ئەو لەسێدارەدانە نەدەبوو بەهۆی مەلەفی دووجەیلەوە بوایە و نەدەبوو لەڕۆژی ڕەمەزاندا ئەنجام بدرایە  . ئەوەش نەک هەر ئەو مەسەلەش کە برایە ( شوعبەی پێنج ) کە بارەگایەکە بەوشێوەی دەگێڕنەوە ئەندامانی حزبی دەعوە لەو شوێنە زیندانی کراون و لەسێدارەش دراون . بەڵام خەڵکی هەڵەبجە نەک لایان لێنەکرایەوە بەڵکو لەبیریش کران و ئەنفالەکانمان و زیندانی و ئەوانەی لەسێدارەدران هەموو پشت گوێخران وەک سەدام ئەو کارەساتانەی بەسەر کوردا نەهێنابێت . سەیرە بەکوژانەوەی و سڕینەوەی ئەو لاپەڕانەی سەدام  و بەدی هێنانی ئاواتەکانیان لەسەر حسابی ئەو دایکی شەهیدان و ڕۆڵەی ئەنفال کراوەکان .

کەواتە ئەم هەڵە گەورەیەش و ئەم هەڵوێستەش چووە نێو ئەو هەڵانەی ترەوە کە هەمیشە دەرهەق بەکوردی دەکەن و ئەویش خۆی نایە پاڵ ڕاپۆرتەکەی بێکەر ـ هاملتۆنەوە . ڕەنگە ئەو هاتوو هوریایەی کە لەم دوایانەدا لەلایەن زۆر لە وولاتانی عەرەبی و جیهانیەوە هاتە ئاراوە و یان ئەو شکەستانەی کە لەڕووی سیاسی و سەربازیەوە بەدەست هات و ئەو حکومەتە لاوازە یان ئەو پەرلەمانەی کە تائێستا نەتوانیوە هیچ بۆگەلی عێراق بکات .

بەپێ هەموو ئەو ڕاستیانە کە سەدام لەدیکتاتۆرێکەوە لە کەسێکی خوێن مژو و پیاوکوژ و جەلادەوە . لەکەسێکەوە کەدەستی لەهەموو ئەو نەهامەتیانەدا هەبووە کە بەسەرکورداهاتوون , کرایە سەرکردەیەکی گەورەی عەرەبی و ئەمڕۆش شەهیدێکی ئەو عەرەبە شۆڤێنیانە و لەمێژوو ناویان تۆمارکرد , ئەویش تەنها لەبەر ئەوەی کە 148 کەسی کوشتووە کە ئێستا ڕۆژانە دەیان 148 کەسی بێتاوان دەکوژرێن چەندیان بەدەستی تیرۆرستانەوە ئەوەندەش بەهۆیی تایفەگەری و شەڕی شیعەو سوونەوە . بەڵام 182 هەزار ئەنفال و 10هەزار شەهید و بریندارو وونبوو و کاول کردن و سوتاندنی 5

هەزار دێهات و دەدیان دەیان هەزار تاوانی تر کەلێرە بەو ئاسانیە تەواونابین . بۆیە دەڵێم ئەمڕۆ باوی ئەوەیە کە هەڵە بەهەڵە چارەسەربکرێت و ئەوەی کورد چاوەڕوانی دەکرت و هیوای دەخواست لەگۆڕیانا .